# تەبلێتێکی سێ ڕەهەندی بەبێ چاویلکە

هیچ شتێك وەك بازاڕی سێ ڕەهەندی گەرم و گوڕیی بەخۆیەوە نەدیت، بەڵام گەرموگوڕییەکە زۆری نەخایاند و وەك هەڵچوونێك دامرکا و نیشتەوە، خەڵك کەمتر ڕووی لە کڕینی ئامێرە دیجیتالییەکانی سێ ڕەهەندی کرد، چونکە بۆ سوود وەرگرتن لەو ئامێرانە چ تەلەڤزیۆن چ کۆمپیوتەر و لاپتۆپ پێویستی بە چاویلکەیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا تەبلێتێك بەرهەم هاتووە کە بە جۆری Hamamcher Schlemmer ناسراوە و بۆ سەیرکردنی فیلمە سێ ڕەهەندییەکان پێویستی بە چاویلکە نییە. لە ڕاستیدا کارکردنی تەبلێتەکە بە جۆرێکە کە بۆ چاوی ڕاست و چەپ بە جیا فیلم بڵاو دەکاتەوە و بە دانانی وێنەکان لەلای یەك وێنەی سێ ڕەهەندی چێ بکات. نیشاندانی فیلمەکان بە کوالیتی ئیچ دییە. 16 گیگابایت هاردی تەبلێتەکەیە بەڵام پشتیوانی لە کارتی SDHC دەکات و باترییەکەی هەتا 7 کاتژمێر دانابەزێت. کامێرای پشتەوە و پێشەوەی هەیە.



# ئامێرە دیجیتالییەکان بە مەنجەڵ شەحن بکەنەوە!

ڕەنگە ئەو مانشێتەی سەرەوە تا ڕادەیەك سەرنجڕاکێش بێت، ئاخر چۆن دەکرێت بە مەنجەڵ یان بەکەتلی ئامێرە دیجیتالییەکان شەحن بکرێنەوە، بەڵام لە جیهانی زانستدا هەموو شتێك دەگونجێت.. جار هەیە دەچییە گەشتێکی چەند ڕۆژە لە چیایەك دەمێنیەوە، لە دارستانێك خێمە هەڵدەدەی، لەسەر ڕووبارێك سەیران دەکەی.. ئا لەوکاتەدا مۆبایلەکەت شەحنی دادەبەزێ، کامێرا دیجیتالییەکەت شەحنی نەماوە، تەبلێتەکەت کە بۆ خۆخافڵاندن هێناوتە شەحنی دابەزیوە، لەکاتێکی وادا چ دەکەی؟نە کارەبا هەیە و نە هیچ شتێکی دیکە کە ئەوانەی باسیان کرا شەحنی بکاتەوە.

تەکنەلۆژییەکی نوێ هەیە کە بە تەکنەلۆژیای PowerpotX ئەرکی ئەوەیە کە لە ڕێگای مەنجەڵ و کەتلییەوە ئامێرە دیجیتالییەکان شەحن بکەیەوە، لەگەڵ ئەوەیدا چێشتەکەت دەکوڵێ یان چایەکەت ئامادە دەکەی مۆبایلەکەشت شەحن دەبێتەوە. ئەم تەکنەلۆژییە لە وزەی گەرما دەکاتە وزەیەك بۆ شەحنکردنەوە، 10 وات وزە دابین دەکات و دوو کەلێنی USB هەیە ئەمەش بۆ شەحنکردنەوەی ئایپادێك و دوو ئایفۆن یان 4 کامێرا بەسە.

# گەسکی کارەباش بە مۆبایل شەحن دەبێتەوە



لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا ئامێرە دیجیتالییەکان گۆڕانکارییەکی جددیان بەسەرداهاتووە، گەسکی کارەبایش یەکێکە لەم ئامێرە دیجیتالییانە. کۆمپانیای پاناسۆنیك بەم دواییە گەسکێکی کارەبایی چێکردووە کە لە ماوەیەکی کەمدا شەحن دەبێتەوە و شەحنەکەشی بۆ ماوەیەکی زۆر دانابەزێت.

گەسکە کارەباییەکە لە ڕێگای کەلێنی USBیەوە شەحن دەبێتەوە و هەربۆیەشە دەکرێت بە مۆبایل و کۆمپیوتەر و هەر ئامێرێك کە کەلێنی USB هەبێت شەحن بکرێتەوە.

شایانی ئاماژە پێدانە کە شەحنی ئەم ئامێرە لە ماوەی کەمتر لە نیو کاتژمێردا پڕ دەبێتەوە و هەتا 6 کاتژمێریش شەحنەکەی دانابەزێت. گەسکە کارەباییەکە کە بە جۆری MC-HS700G ناسراوە توانای هێزی هەڵمژینێکی زۆری هەیە کە تەنانەت تۆپێکی بچووکی یاریکردنیش هەڵدەمژێت.



# ماوسێک به دیزاینێکی سەرنجڕاکێشەوە



ماوس گرنگترین و پڕکارترین ئامێری لاوەکی کۆمپیوتەرە، لەراستیدا شا کلیلی چوونە ناو جیهانی کۆمپیوتەرە. ماوس مێژوویەکی لەمێژینەیە هەیە و هەرچەندە بە دە ساڵێك زیاتر دوای بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر بەرهەمهاتووە، بەڵام ئێستاکە رۆڵی گرنگ لە کۆمپیوتەردا دەبینێ، ماوسەکان هەموویان بە هەر دیزاین و هەر کارکردێکەوە بێت یەك ئەرك دەگێڕن ئەویش جوڵاندنی ئەو هێمایەیە کەلەسەر شاشەی کۆمپیوتەرە و جێبەجێکردنی فەرمانەکانە. لە بواری دیزاینەوە سەدان دیزاینی ماوس هەیە، تەنانەت ماوس هەیە لەبری دەست بە پێ کار دەکات. ماوسی Portable finger لە بواری دیزاینەوە سەرنج راکێشە، هەرچەندە لە بواری کاراییەوە ئەو کاراییەی نییە و زیاتر وەك ستایلێکی جوان دەگونجێت نەك ماوسێکی باش و بە سوود. ماوسەکە وەك چەخماخەی چەك دەچێت و دوو دوگمە و تۆپێکی بچووکی هەیە و وەك گوستیلە لە پەنجە دەکرێت.

# کیبۆردێکی تایبەت بۆ ئایفۆن 5



دوابەدوای بەرفرەبوون و پەرەسەندنی مۆبایلە هۆشمەندەکان، دوگمەی تایبەت بە نووسین لە مۆبایلدا نەما، مۆبایلە هۆشمەندەکان تەنیا چەند دوگمەیەکیان هەیە و بەس، ئیدی بۆ نووسینی کورتەپەیام پێویست دەکات لەسەر شاشەی مۆبایلەکە و بە کیبۆردە مەجازییەی دەردەکەوێت کورتەپەیامەکەت بنووسی. کیبۆرد بۆ ئەوانەی کە دەستیان لەسەری راهاتووە خۆشترە لە شاشەی تەچی، بۆیە دیزاینەرێکی بواری تەکنەلۆژیای نوێ هەوڵیداوە کیبۆردێکی تایبەت بۆ مۆبایلی ئایفۆن 5 دروست بکا، ئەم کیبۆردە نوێیە کە هەر وەك لە وێنەکەدا دیارە وەك چوارچێوە و کەڤەرێك مۆبایلەکەی لەناو دادەنرێت و دوگمەکان دەکەونە خوارەوەی مۆبایلەکە. کیبۆردەکە کە بە Typo keyboard ناسراوە، لە رێگای بلوتوسەوە بە ئایفۆن 5 پەیوەند دەدرێت، ئەوکات مۆبایلەکەت وەك مۆبایلی بلاك بێری Q10 دەچێت. کیبۆردەکە لەو شوێنانەی کە رووناکی کەمە ئۆتۆماتیکی دوگمەکان وەك گلۆپی رووناکیان لێدێت.



## چۆن خێرایی کۆمپیوتەر زیاد دەبێت

هەرچەندە ئێستا پارچەکانی کۆمپیوتەر وەك رام و هارد و کارتی شاشە گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە و خێراییان لەسەرێیە، بەڵام هێشتاش زۆرکەس گلەیی دەکەن کە کۆمپیوتەری وەك پێویست خێرا نییە و سیستەمەکەی خێرایی جارانی لەدەست داوە. لێرەدا ئاماژە بەو خاڵانە دەکەین کە دەبنە هۆی دابەزینی خێرایی کۆمپیوتەر.

ئەو پرۆگرامانەی کە لەسەرەتای ویندۆزدا ئۆتۆماتیکی دەکرێنەوە کەمیان بکەنەوە یان لایان بەرن، وەك سکایپی و مەسنجەرەکان و زۆر پرۆگرامی دیکەش. هەروەك دەزانن کاتێك کۆمپیوتەر پێدەکەن چەند پرۆگرامێك کە پێیان دەگوترێت Programs Startup ئۆتۆماتیکی پێدەبن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرفت لە زەینی کۆمپیوتەردا بێتە پێش و ببێتە خۆی سستی ویندۆزەکە.

کەمکردنەوەی داتاگەی زەینی سەرەکی: خێرایی سیستەم پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە RAMەوە هەیە، هەرچەندە هەندێکیش دەڵێن پرۆسیسەر، ئەگەر پێتوایە رامەکەی بە گوێرەی پێویست هەیە، دەکرێت لەو پرۆگرامانە سوود وەربگری کە رام بەتاڵ دەکەنەوە. بۆ نموونە پرۆگرامی Rambooster.

ئەو پرۆگرامانەی کە نرخی دراو و بۆرسە بە شێوەی ئۆنلاین نیشان دەدەن یان پلەکانی گەرما و کەشوهەوا نیشان دەدەن پێویست ناکات لەسەر شاشە ئەکتیڤ بن. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خێرایی کۆمپیوتەر.

دابەزاندنی چەند ئەنتی ڤایرۆس لەسەر کۆمپیوتەر: خودی ئەنتی ڤایرۆس پێویستە لەسەر کۆمپیوتەر هەبێت، هەرچەندە خێرایی کۆمپیوتەریش تا رادەیەك دێنێتە خوار، بەڵام دانانی چەند ئەنتی ڤایرۆس لەسەر کۆمپیوتەر هیچ پێویست نییە چونکە بەتەواوی خێرایی کۆمپیوتەر دادەبەزێنێت.

## چ بکەین لە گرفتی ڕێکلامییەک



فەیسبووك ئێستا ماڵی مەجازییە بۆ ئەندامانی بەشداربوو لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە، هەربۆیە دانیشتوانی ئەم شارە مەجازییە لە ملیار تێپەڕیوە. کەم کەس هەیە لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا ئەندام نەبێت و ماڵێکی مەجازی بۆخۆی چێ نەکردبێت.

زۆر جاران کە فەیسبووك دەیکەینەوە پڕە لە ڕێکلامی نەخوازراو کە حەز ناکەین لە سەر پەیجەکەی ئێمە دەربکەون، وەك چەندین کەس داوای ئەوەی کردووە گەمەی لەگەڵ بکرێت، یان ڕێکلام بۆ کۆمپانیا یان کەسێك، یان ئاگادارکردنەوە لەوەی کە فلانەکەس کە هاوڕێی فلانەکەسە کۆمێنتی لەسەر فلانەبابەتە داناوە.. ئەمانە و چەندین کێشەی تر رۆژانە لە کاتی کردنەوەی فەیسبووکەکەماندا تووشی دەبین، چ بکەین بۆ ئەوەی کە خۆمان لەو ڕێکلام و ئاگادارکردنەوە نەخوازراوانە دەرباز بکەین؟ هەموو گرفتێك چارەیەکیشی هەیە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت، ئایا کۆفی نێتەکان دەتوانن ئەو سایتانەی کە سەیرت کردون یان پەسۆرد و ئیمێلەکەی تۆ بزانن؟ ئەگەر وابێت چ بکرێت دوای رۆیشتنم لە کۆفی نێتەکە هیچ کەسێك نەزانێت کە چ ئیمێلێکم کردۆتەوە یان پاسۆردەکەم لەوێ خەزن نەبێت یان نەزانرێت کە چ سایتێکم کردۆتەوە؟

خوێنەری بەڕێز چەند هەنگاوێك هەرچەندە زۆریش جێگای دڵنیایی نییە دەتوانی بیگریە بەر، هەر برۆسەرێك واتە هەر پرۆگرامێك ئینتەرنێتی پێدەکەیەوە وەك گوگل کرۆم، فایر فۆکس، ئینتەرنێت ئیکسپلۆرێر..تاد دەبێت دوای تەوابوون لە ئەرکەکان بچییە سەر بەشی تۆلس و لەوێدا بەشی هیستۆری بدۆزەوە لەودا ئەو شوێنە بدۆزەوە کە سڕینەوەی هەموو ئەکاونت و سایت و کۆکی و فایلەکانی تۆیە، بۆ ئەوەی کە لەو ڕێگایەوە هیچیان پێنەکرێت و شوێنەوارێك بەجێ نەمێنێتەوە.

## ـــــــانی فەیسبووک رزگاریمان بێت؟



پرۆگرامێکی زۆر بچووك کە بە Adblock plus ناسراوە، بۆ داخستنی ریکلامی نەخوازراوانە وێبسایتەکان زۆر بە سوودە. لە ڤێرژنە نوێیەکەی ئەم پرۆگرامەدا داخستنی ریکلامەکانی فەیسبووکیش زیاد بووە بە چەند کرتەیەك دەکرێت بۆ هەمیشە لـــە چنگ ئەم ریکلامە نەخوازراوە دەرباز بین. لێرەدا ئاماژە بەو بابەتانە دەکەین کە دەکرێت بەهۆی پرۆگرامی Adblock plus لە فەیسبووکدا رزگاریمان بێت.

- خزمەتگوزاری موزیك (کە لە خۆوە وەك ریکلام دێت).
- ئەو یاریانەی کە هاورێیانتان پێتان پێشنیار دەکەن.
- داواکاری بۆ دابەزاندنی گەمەی فەیسبووکی.
- ئاگادارکردنـــەوە لە رووداوەکانـــی داهاتوو (وەك فلانی رۆژی لەدایکبوونییەتـــی، یان فلانـــی زەماوەندی لەگەڵ فلانی کرد..تاد).
- ئاگادارکردنـــەوە لە گۆڕینی وێنەی کەســێك و چەند بابەتێکی دیکـــەش. بەهۆی پرۆگرامـــی ناوبراوەوە ماڵێکی خاوێنی مەجازی دەبێت بەبێ ریکلام و بابەتی زیادی.



## پرۆگرامێکی تایبەت بە بەک ئاپ هەڵگرتن

ئەوانەی شـــارەزای بواری کۆمپیوتەرن دەزانن Backup (بەك ئاپ ) هەڵگرتن، یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی کۆمپیوتەر، بۆ ئەوانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە بەکورتی باسی (بەك ئاپ ) دەکەین. بەك ئاپ یانی هەڵگرتنەوەی نوســـخەیەکی پشتیوانی لە داتاکانی ناو کۆمپیوتەر، بۆ نموونە حەز دەکەی ئەو فایلانەی لەســـەر کۆمپیوتەرەکەتن نوســـخەکیان لێ هەڵبگرییەوە و هەڵیانگریت بۆ ئەو کاتانەی کە کۆمپیوتەرەکە تێکچوو یان کێشەیەکیان تووش بـــوو. پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان هەڵگرتنەوەی نوســـخەی دووەمە لە داتاکان. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Fbackupە. پرۆگرامەکە بەشـــێوەی ئۆتۆماتیك و لە کاتی دیاریکراودا نوسخەی دووەم لە داتاکان هەڵدەگرێت، هەروەها داتاکان لەناو یەکدا چڕ دەکاتەوەو کۆدی نهێنیان لەســـەر دادەنێـــت. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاســـانە، هەروەها لەگەڵ زۆربەی ویندۆزەکانیش دەگونجێت، لە زۆربەی زمانە جۆراجۆرەکانیش پشتیوانی دەکات.

## سایتێک بۆ گوێگرتن لە مۆسیقای دڵخوازی خۆت



بـــەدوای ئـــاواز و گۆرانی نوێی و کلیپی تایبەتدا دەگەڕێی؟ حەز دەکەی لە هەر شـــوێنێك بی گوێ لە گۆرانی و ئاوازی تایبەت بەخۆت بگری؟ سایتی "بگەڕێ، گوێ بگرە، چێژوەربگرە" واتە سایتی www.solayo.com ئەو سایتەیە کە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەران دەرەخســێنێ کە بەدوای مۆســیقا و کلیپی تایبەتدا بگەڕێ و گوێ لە مۆســـیقا بە شێوەی ئۆنلاین و بەبێ بەرامبەر بگری. ئەم سایتە ئەرکەکەی ئەوەیە کە کاتێك بەدوای مۆسیقی یان کلیپێکدا دەگەڕێی سایتەکە سەر لە ســـایتەکانی یوتیوب، ساند کلۆد و هاوشێوەکانی دەدا ئەوەی مەبەستتە دەیدۆزێتەوە. بەچێکردنی ئەکاونتێك بۆخۆت دەتوانی مەسج بنێری و بۆچوونی کەسانی دیکەش بخوێنیەوە. دەتوانی بەپێی گۆرانی یان هونەرمەندەکە سێرچ و بەدواداگەڕان بکەی، هەروەها دەتوانی بە چێکردنی لیســـتە جۆراوجۆرەکان و زێدەکردنی گۆرانی دڵخوازی خۆتان ئەرشـــیڤێك لە مۆسیقی بۆخۆتان چێ بکەن. رێژەیەکی زۆر کەناڵی رادیۆیی تێدایە کە مۆسیقا بڵاو دەکەنەوە، دەتوانی گوێ لەو کەناڵە رادیۆییە بگری کە حەزی لێدەکەی.